# ئازاد سابیر .. دوورتر له سروشت

**وەهبی ڕەسووڵ**

ئازاد سابیر هونەرمەندێکی شاری سلێمانیە و لە خێزانێکی هونەریە، کە پێش خۆی هەردوو هونەرمەندی برای، بورهان سابیر و ئاراز سابیر ، سەرقاڵی کارکردن و ڕچەشکێنی هونەریی بوون بۆ ئەو، ئەویش وەك هەموو بارێکی ئاسایی لە سەرەتای کارکردنی هونەریدا، سەرسامی کارکردنی ئەوان بوو بە تایبەت بورهان سابیر، هەر لە سەرمەشقیی بۆ کاری پەیکەرسازیی بە کەرەسەی جیاواز و نائاشنا بە کاری پەیکەرسازیی ئەو دەمە، تا دەگاتە کارکردنی هونەریانە لە بواری ماسك و فرە کەرەسەیی لە جێبەجێکردن و بەجێهێناندا.

ئازاد بەرەنجامی ئەم ئەزموونە هونەریانەی ڕۆژانە لە منالێیەوە لەبەرچاویدا ئامادەییان هەبوو، و بەرجەستە و کاریان تیا دەکرا، زوو بەزوو ئاشنای ئەو دنیا تایبەتەی کارکردن بوو، بەو کەرەسە سەیر و ناوازانەی لە پیشەکەی باوکیانەوە، کە پیشەی سکرابی ئۆتۆمبیل بوو بۆیان مابۆوە. ئەو لە ساڵانی هەشتادا پیشانگەیەکی ناوازەی بۆ کۆمەڵێ کاری پەیکەرسازیی کردەوە، کە سەرلەبەر بەو کەرەسە تایبەتانە ئەنجامدرابوون. ئەو نمایشە پێشدەستی و پێشەنگیەکی ناوازە بوو، بۆ ئەو جۆرە لە کارکردن و بەجێهێنان، کە سەرتاپا هەڵگری گووتارێکی ئیستاتیکی بوو لە کایەی مادده و کەرەسەی کارکردن و بەجێهێناندا. ئەو هاوشانی ئەو ئەزموونانە، لە بواری بەرجەستەیی فۆڕم و گووتارە تەکنیکی و کەرەسەییەکەی، بەهێڵێکی تەریب سەرقاڵی کاری نیگارکێشانیش بوو. لەم کایەیەشدا ئەو هەر سەودای خامە و کەرەسەی تایبەت و دوورەدەست بوو. ئەم خواستە باڵی خۆی ڕادەکێشا تا ئامادەکردن و دروستکردنی پاسپارتۆی کارە نیگارەکانی.

ئازاد چونکە لە هیچ پێگە و دامەزراوەیەکی هونەریی نەی خوێندبوو، هەر زوو چوە دنیای کارکردنی تەعبیری و دواتریش ئەبستراکتەوە. ئەو دەمەی بووە ئەندامێکی گروپی (هاوڕێیانی شێوەکار) دوای ڕاپەڕین لە ساڵی (١٩٩٣)، ئەو ئەزمونی کارکردنی خۆی زیاتر بالآپێکردبوو بە ئاراستەی شێوازێکی ئەبستراکتیانە، لەم میانەدا سەوداییەکی تایبەتی هەبوو بۆ کەرەسەی جیاواز و نامۆ و کۆلاژ، هاوکات لەسەر ڕووی زۆر جیا و تایبەت کارەکانی ئەنجامدەدا. لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەد، بەرەو هەندەران سەفەری کرد، لەو ڕێگەیەشدا دەستبەرداری کارکردن و بەخشش نەبوو، تا لە تورکیا بوو، نمایشێکی هونەریی ئەنجامدا بە ناوی (بەرزاییەکانی تەسەوف)(١٩٩٧). لە گەیشتنی بە ئەوروپا و تا ئێستا ئەو سەرگەرم و بەردەوامی کارکردن و نمایشی هونەریە. بەلآم وەك زۆرێك لەو هونەرمەندانەی دەچنە ڕۆژئاوا، ئەو ڕیتمە کارکردنەی لێرە وەك ئەزمونێکی ئیستاتیکی لە گەشە پێکردنیا بوو، لەوێ بەرەنجامی خواستی تایبەتی کەشی هونەریی ئەوێ، ترازان و پچڕانی بەسەردا هات. کارەکانی هەرچی زیاتر ڕوویان لە فرەیی ڕەنگ کرد تا ئاستی دانانی پانتایی فراوان بە ڕەنگی ڕاستەوخۆ و یەك پلە لە تۆندا، هاوشان بە دابەشکردنێکی ئەندازەیی و نیمچە ئەندازەیی بۆ سەرجەمی ڕوی تابلۆکانی بە فۆڕمی ئەندازەیی جیاجیا. بەلآم چارەسەرە تەکنیکیەکان هەر لەسەر و بە تەکنیکێکی ئەبستراکتیانەی فۆڕم ئەنجامدراون، ئەمە سیمای کارکردنی ساڵانی دەیەی دووهەزاریەتی و لەو مێژوە بەدواوە هونەرمەند دەکەوێتە دنیایەك لە کارکردن کە دەسپێکی سەوداییەکە بۆ فۆڕمگەلێکی واقعی، بەلآم بە پرۆسێسێك لە ئاوێتەکردن کە دەمانخاتە دودڵی و دڵەڕاوکێیەکی ناسینەوەی شتەکان و

نەناسینەوەیان. لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٤ بەدواوە هونەرمەند، بە کاریگەری و بەرەنجامی دوو ساڵ خوێندن و کارکردن(٢٠١٦ بۆ ٢٠١٨) لە (پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هۆڤینکا) لە فنلەند، کە تایبەتە بە کاری ئەکادیمی و بەرجەستەکردنی ڕیالیستێتی فۆڕم، دەکەوێتە جۆرێك لە بەرجەستەکردنی واقعیانەی فۆڕم و گواستنەوەی دیمەنی دەرەوەی واقیع بۆ نێو کارەکانی. بەڵام ئەم جۆرە لە بەرجەستەکردن بە شێوازێکی تەکنیکی وەهایە، کە ڕێگری ئەکات لەوەی بە شێوازێکی واقعیانە ناوزەدی بکەین، هەر شێوازی کارکردنی هونەرمەند بەم فۆڕمە ڕیالیستیانە، کارەکانی ئەوی بەنزیکی کردوە بە دوو بەشەوە، ئەو کارانەی کە فۆڕمە ڕیالیستیەکان بە ڕاستەوخۆ و ڕاشکاو ئامادەیی و هەژمونیان هەیە، بڕوانە تابلۆی (دیمەنێکی بەهارە ٢٠١٨) و ئەو کارانەش کە خاوەن ساکاریی و سادەییەکی بەجێهێنانن. هەردوو جۆری کارەکە(گەر بتوانین وەها بڵێین) خاوەن بەها و جوانی تەکنیکیی خۆیانن، چونکە ئەو هەستیارییە تایبەت و ناسکەی لە بە ساکارکردنەوەی تەکنیکی بەجێهێنانی هونەرمەندایە، کەم تا زۆر پەرپوەتەوە بۆ ناو ئەم جۆرە کارانەشی، کە هەندێ جار پێکهاتەیەکی تەکنیکی ناوازە و هەستیاری بەدەستهێناوە، بڕوانە تابلۆی (دیمەنی سێبەری دوانیوەڕۆیەك ٢٠١٩) و هەندێ جاری تریش ئەو ئامانجەی نەپێکاوە. بڕوانە تابلۆی (دیمەنێکی خۆرەتاو ٢٠١٨). بەڵام ئەفسوونی کارکردنی هونەرمەند بۆ سەر بینەری، زیاتر لە جۆری دوهەمی کارەکانیدایە، چون تایبەتمەندی و خۆ نزیك کردنەوە لە هەڵکەوتویی و دەگمەنی بەجێهێنان، لەم پانتاییە تەکنیکیەدا، وەك جێ پەنجەی هونەرمەند زیاتر لە خۆ ئاراستە و پەخشکردندایە.

دیمەنەکان زۆربەی جار سروشتن و سەرەتا ئەیناسینەوە و بەڵام دوای کەمێ لە ڕامان، چۆنیەتی بەجێهێنانی کارەکان ئەو کەشفە خێرایەی سەرەتامان لێ وون دەکەن. ئەو جێگە بەرجەستەکراوانە سەیر و نامۆن، بێ مرۆڤن، ئەوانە جێگە و پێگەیەکن کە سەرلەبەر لە یادگە نەستیەکان، و بیرەوەریە نادیارە تایبەتەکانی خودی هونەرمەندەوە سەریان هەڵداوە، و ئامادەی دوتوێی تابلۆ بوون. ئەوانە چەندان جێگەن لە بێ جێگەیی. ڕەنگە ئەمە هەموو ئەو جێ گۆڕکێیانە بن کە هونەرمەند لەدواجاردا، ئینتیمای بۆ هیچیان نییە و هیچیشیان جێگەی ئەو نین، و یا باشتر بڵێین نەبوون بە جێگە بۆ ئەو. لە خوێندنەوەیەکی تردا ئەمانە ڕەنگە جێگەی سێهەم بن، لەنێوان دوو جێگەی یەکەم/ڕۆژهەڵات و دوهەم/ڕۆژئاوا. ئەمانە خەونی هونەرمەندن بۆ جێگە فیردەوسییەکان، ئەو جێگایانەی مرۆڤی ئاسایی لە بەڵێنی ئاینەوە خەونی پێوە دەبینێ و چاوەڕوانیەتی، بەڵام مرۆڤی هونەرمەند، چاوەڕوان نابێت بۆ بەواقعکردنی ئەو خەونە لەدنیایەکی تری (بەحساب) نامادیدا، بەڵکو خەون و چاوەڕوانیەکانی لە بەرجەستەکردنی نێو تابلۆدا بە واقع دەکات، و بۆ جارێکی تر وەك دنیایەکی ماددیی بەدیهاتوو لەڕێی کەرەسەی نیگارکێشانەکەیەوە ، ئاراستە و پیشانی ئێمەی بینەری دەداتەوە. وەك ئەوەی بڵێ ئەمە ئەو دنیا سەرمەدییەیە کە چاوەڕوانین، تا وەك خەونێ لە ژیان و جیهانێکی تردا ببینین. یاخود ڕەنگە لە دوا جاردا و وەك دواجار، لە خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی تردا بێ ئومێدی هونەرمەند بێت بە جیهانی ژیاری و شارستانی، و ئەمە گەڕانەوە و سەوداییەك بێت بۆ سروشت، وەك ژیانێکی بەرایی بێ ئاستەنگ و یاساو ڕێسا داڕێژراوەکانی مرۆڤ بۆ مرۆڤی هاوژیان و هاوسەردەمی. هەر ئەم بینین و جۆری کارکردنەی هونەرمەندە، وایانکردوە ئێمە لە یەك شرۆڤە و

لێكدانەوەدا نەوەستین، و ئەم دیمەنانە و یەكەكانی، مەلەیەكی ئەفسوناوی بكەن لە گونجان و تەباییەكی ڕەنگیی و دەستنیشانكراوەیی كراوەدا، بەسەر فرەییەكی ڕاڤەكاریی و گەڕان و بەدواداچوندا.

هەندێ جار هونەرمەند لە بەرجەستەكردنی ڕاستەوخۆی سروشت (وەك بابەت) دووركەوتۆتەوە، و بەلاّم دوركەوتنەوەكەی زۆر نیە، ئەو ویستویەتی هەر نزیك بە سروشت، هەندێ بابەتی عاتیفیانەی خۆی بخاتەڕوو، كە لەم كارانەدا بەتایبەت، زیاتر لە ڕوانگە و ڕێگە شێوازی گوزارشتكردنی مینیاتۆری ڕۆژهەلاّتیانە و ئێرانی بەتایبەت نزیكە. بەم مەبەستە بڕوانە دو تابلۆی (شەوشاد مانگەشەو ٢٠١٨)و(مانگی دوێنێ شەو ٢٠١٨) كە بە ڕەنگی ئاویی و ئەكریل جێبەجێیكردون، تیایدا ئەو لێكچواندنە دێرینەی نێو ئەدەبیاتی كوردی و كارە مینیاتۆرە ئێرانیەكانی خستۆتەڕوو، كە لە نێوان ڕووی خۆشەویست و مانگدا كراوە و نزیك بە یەكتر دانان و بەرجەستەكردنیان بۆ كراوە. هەربۆیە هونەرمەندیش لێرەدا بەشێكی باشی پانتایی دیمەنێكی ئاسمانی گۆڕاندۆتە سەر فۆڕمی پڕۆفایلی ڕوخساری كچێ و لەنێو ئەودا، هەور و ئەستێرە و مانگی دروست و دابەشكردۆتەوە.

دابەشكردنی ڕووی كارەكان لەم قۆناغەشدا، ڕێژەگرتوو لە كارە ئەبستراكتەكانی پێش ئەم كۆمەڵە كاركردنەیەوە، هەر ئامادەیی ناوبەناوی خۆی هەیە، هەندێ جار كەرتكردنی دیمەنەكان تەنها لەپێناو كەرتكردنیاندا و هەندێ جاریش بۆ بەخشین و خستنەڕوی دوو بۆ چوار دیمەنی جیای هەمان دیمەنی گشتی تابلۆكەیە، كە هونەرمەند دابەشكردنێكی شوێكاتی بۆ كردون، و تیایدا هەندێ دیمەنی پەراوێزیی بەسەنتەر كراوە، وەك نواندنێكی هاوچەرخانە بۆ چەمكی جێگە. كە لێرەدا بێگومان دیمەنە سروشتیەكە ئەو ڕۆڵە جێگەییە ئەگێڕێ. ئەم پڕۆسێسە شایستەیی بەكارهێنانی خۆی، لە بەشێكی باشی تابلۆكاندا بەدەستهێناوە. بەم مەبەستە بڕوانە تابلۆكانی (بەئاگاهاتنەوەی گوڵێك بۆ ژیان ٢٠١٤) (دیمەنێك لە بەیانیان ٢٠١٤) (گوڵەكان پێویستیان بە كاتە بۆ گەشانەوە ٢٠١٤)

ئەم كارانە وەك پێوانە بچوكن و بە ڕەنگەكانی ئاوی و ئەكریلیك و زەیتی ئەنجامدراون، هاوشانی ئەم بەرهەمانە ئازاد دەستبەرداری كاری تر نەبوە، لە پەیكەر و كاری گرافیكی. ئەمەش كاریگەری ئەو پاشخانە بەجێماوەی ئێرەیەتی لە دنیای بەرجەستە و ڕەشوسپی. هەندێ جار لەم دەستە كارانەدا ئازاد ڕۆچونی كردۆتە ناو دنیای بەشەكی دیمەنی سروشتەوە و لە بینینێكی هەمەكی تێپەڕاندنی كردوە.(بڕوانە تابلۆی دیمەنی مانگەشەو ٢٠١٨) تێڕوانین لەم كارانە لە سادەترین فەرامۆشكردنی واقعێتی فۆڕمەكانیدا، زۆر بەزوویی كارەكان هەڵدەگەڕێنە سەر كارێكی ئەبستراكتیی و بەپێچەوانەوە، ئەوەی هەر دوێنێ خاڵێك بوە و بارستەیەك ، ئەمڕۆ زۆر بە سانا و هەر لەجێی خۆیاندا بوونەتە گوڵێك و پانتاییەكی ڕەنگی ڕووتەخت لە داڕشتنەكانیدا،(بڕوانە تابلۆی دیمەنی گوڵە بەهارەیەك لە ئیستەردا ٢٠١٨) یاخود (دیمەنی خۆرئاوابون و ئەم ڕێگەیەی بەرەو خۆشەویستیم ئەبات ٢١٠٨ ) ئەمانە گشت دیسان ئامادەیی ئەو ساڵگارە پاشخانە كاركردنە ئەبستراكتیە ڕۆڵی خۆی تیا گێڕاوە، كە هونەرمەند پیا ڕاگوزەر و تێپەڕیوە و كاری تیاكردوە.

ئەم شێوازە كاركردنە دوا شێوازی تا ئێستای هونەرمەندە كە توانیویەتی ئەمساڵ (٢٠١٩) هونەرمەند بە هەشت كاری هونەریی، لەگەڵ سێ هونەرمەندی تری هۆڵەندی كە خاوەن تەمەنێكی هونەرین، بەشداری پێ بكات لە پیشانگەیەكی تایبەتدا بە ناونیشانی (نمایشی هونەر بە نرخێكی شیاو ـAffordable Art Fair ) لە شاری

**ئەمستردام لە ١٠/٣١ بۆ ٢٠١٩/١١/٣. کارکردنی ئازاد لەلایەن لیژنەی تایبەت بە بەڕێوەبردنی ئەم نمایشە هەڵبژێرراوە. کە زۆرێك لە هونەرمەندان کارەکانیان پێشکەش دەکەن بە مەبەستی هەڵبژاردن و نمایشکردنی، بەلآم کەمیان پێگەی ئەو بەشداریە بەدەست دێنن. ئەم جۆرە نمایشە لە زۆرێك لە شار و وولآتانی جیهاندا، وەك: نیویۆرك، لەندەن، ملبورن، هامبۆرگ، هۆنگ کۆنگ، برۆکسل، سەنگافورە، میلانۆ و ستۆکهۆڵم، بەڕێوەدەچێت لەژێر هەمان ناونیشاندا. کە مێژوی دەستپێکی ئەم جۆرە نمایشە بۆ یەکەم جار، ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩ لە پارکی باترسی لەندەن (**Battersea Park**) .**

**هەرچۆن بە هەمان ئەم دەستە کارکردنە هونەریە، ئەو لەخۆئامادەکردندایە بۆ دوو نمایشی تایبەتی خۆی لەساڵی ٢٠٢٠ دا، یەکەمیان بە بیستوچوار تابلۆ و بە ناونیشانی (با ببینە هاوڕێی سروشت/ **Let us be nature friend**) لە شاری لەهتی/**Lahti** لە وولآتی فنلەندا، لە ١/٨ بۆ ٢٠٢٠/٢/٢ لە کەشکی مۆزە (**museum kiosk**). و دوهەمیان لە شارۆچکەی (**Zuid-Scharwoude**)ی وولآتی هۆڵندە لە ئۆرورا گەلەری (**Aurora Art Gallery**) بە سی تابلۆ.**

**لێرەوە دەستخۆشی و پیرۆزبایی بۆ ئازادسابیری هونەرمەند، بۆ توانای بەردەوامی لەسەر بەخشش و چونەپێشەوەی هونەریانەی، کە ئەم بەردەوامبوون و توانای بەخششە هونەریە، و ژیان و گوزەرانکردن لەسەر هونەر و تەنها لەڕێی کارکردنی هونەرییەوە، بۆ ئەمڕۆی ژیانی تاکی هونەرمەند، تا چ ئاستێك قورس و ئاڵۆزە. بەلآم هێند بەبەها و پیرۆزە. دیسان دەستخۆشی و بەردەوامی بۆ بەخششی زیاتر و باڵاتر.**

تێبینی/ بۆ زیاتر بینین و ناسینی کارەکانی (ئازاد سابیر)ی هونەرمەند بڕوانە سایتی تایبەت بە کارەکانی :
www.azad.exto.nl

**وەهبی ڕەسووڵ**

**٢٠١٩/١١/٢٩**